# سێبەری دەسەڵاتی وێنەکان



تویژەر: ستار باقی کەریم

کاتێ بە شێوەیەکی شوێنەوار ناسانە یا ئەتنۆگرافیانە دەکەوینە پشکنینو گەڕان بە شوێن دەستو پەنجە کارکردەکانی دوێنێی سەردەمی مرۆڤایەتی، گومانی ناوێت سەرەتایەك کە سەوداسەریمان لادروست دەکات، گەڕانە بە شوێن هەڵکۆڵراوەکان (نحت)ی سەر تاشە بەردو قەد شاخو تەلانەکان. لە هەموو ئەوەشیاندا بکەرانی ئەم هەڵکۆڵینو نەخشسازانە، هەوڵی خۆ سەلماندیان داوە بۆ من، تۆ، ئەویتر....واتە لێرەدا شوێن پەنجەی خۆیان دەکەنە ماڵ بەسەر هەموو بینەرێکی ئەو یا ئەویتری نەخشێنراو، کە لە هەموویاندا مەبەستیان گەیاندنی پەیامەکانی وەك "بوونی نەتەوەیەك، گەلێك، وێنەکێشێك یاخود سەرکردەیەكو ئازایەتیەکەیەتی.ناشێ ئێمە لە یەکەم ساتدا، لە بوونی نەتەوەیەك یا ئاژەڵێکی دڕندە حاڵی بین، ئەگەر هاتوو شتێك لەم هەڵکۆڵراو یا وێنانە بەدی نەکەین، چا ئەوانە هەموویان کاردانەوەی مێژوویی بە هەردوو مانا فەلسەفیەکەی "کات و شوێن"لەسەر بینەرەکانی جێدەهێڵن. لەسەر بینەریشە بیگەیەنێتە ئەم یا ئەویترو دەماو دەم بیگێڕێتەوە بۆ دوای خۆی، کە لە هەموویان واتایەکی بەرجەستەکراو دەدات، ئەویش واتای "بوون" بێگومان بوونیش لە سادەترین واتایدا، مانای دەسەڵاتێك دەدات ئەگەرنا مانای بوونی شوێنێكو کایەیەکی ماددی دەدات، ئەوەش مەرجی پیادەکردن، وەك لایەنی رۆحی هەریەکێك لەبەرانبەر ئەویترێکی بێدەنگ، یا خود تەنها بینەر دەدات، چونکە دەشێ هەموو ماتەرێك بوونی هەبێت، بەڵام لەوێنەدا دوو رەهەند بەدی دەکرێت، رەهەندێکیان لایەنە ماتەریەکەیەو ئەویتریش ئەو لایەنە رۆحیەیە کە هەوڵی بەردەوام دەدات تا بە مردوویی یا نائامادەگیش بوونی خۆی بسەلمێنێت، سەرەڕای رەهەندی تری وەکو دەسەڵاتو پایەی سیاسی یا سەربازی.بە هەر حاڵ تەواوی وێنەکان بانگهێشتی زەمەنێكو شوێنێك دەکەن کە رووداو تیایدا روویداوەو بکەرێکی ئەکتیف یا دەشێت نا ئەکتیڤیش لەو وێنەی کە نمایش کراوە رۆڵی پاڵەوان یا فەیلەسوف یا مێژوونووسی بینیبێ، بەڵام لەهەر هەموویان جۆرێك لە یادەوەری یا ناساندن بەسەر تاکەکان جێدەهێڵن، یادەوەریەك دەشێت نەوە بۆ نەوەی بگێڕێتەوە، دەکرێت لێرەدا نموونەیەکی زەقی ئەو بوارە لە وێنەکانی سەرۆکی روخاوی عێراق وەربگرین، کە رەنگە پتر لە ملیۆنێك وێنەی لە هەموو کونجوکەلەبەرەکانی عێراق هەبووبێت، ئەمە دەکەینە پرسیار، ئاخۆ بۆچی ئەم هەموو وێنەی هەبوون؟!دەستکاریکردنی هەر وێنەیەك تەنانەت لێڕامانێکی توندیش بۆی، رەنگە گەورەترین مەرگەساتی لێبکەوتبوایەوە، کەواتە ئەوەیان هەیمەنەتی وێنەیە بەسەر رۆحی بێسنووری ئازادیخوازی سروشتی مرۆڤەکان، کە ئەم وێنەیە داوای رێزو حورمەتیان بۆ کەسی وێنە بۆکێشراوی نێو چوارچێوەی وێنەکە لێدەکات، لەگەڵ دروستکردنی رەقیب یا چاودێرێك بەسەریانەوە، بۆیە لەزۆر بۆنە ئەوەمان دەبیست کە بۆ مەبەستی ترساندنی خەڵك دەوترا، ئای ئەوە لەبەردەم وێنەی سەرۆك قسەی ناشرین دەکەیت؟ ئەوە دەسەڵاتێکی رۆحی ئەو وێنەیە بوو کە مرۆڤەکان بێ ویستی خۆیان دەبوایە بچنە ژێربالیەوە، تەنانەت کار گەیشتبووە لە یاخەدانی نموونە بچوکەکانی وێنەکەی، کە ئەوەش گواستنەوەو راگوزارکردنی پترو پتری دەسەڵاتەکانی دەکرد، سەرەڕای بگۆڕی شوێنو زەمەنی دەسەڵاتی وێنەکان، چونکە زۆرینەی یاخود ئەستەم بوو دەزگایەك ببینیت وێنەی سەرۆکی پێشووی عێراقی لێهەڵنەواسرابێت، بەڵام کاتێ کەسێك دەیکرد بەیاخەی خۆیەوە، ئەوە دەسەڵاتی وێنەکە لە تەنها دەزگاکە قەتیس نەدەبوو، بەڵکو لە هەموو شوێنێك چاو سوورکردنەوەیەکی لە رادەبەدەر نامەعقولی دەبەخشی. بە واتایەکی تر جێگۆڕکێ پێکردنی دەسەڵاتی وێنەکان بوو، سەرەڕای هەوڵدانێکی دەروونی بۆ پەیداکردنی پێگەیەکی هەمیشەیی لە نێو دەروونو کەسایەتی مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، ئەویش لەلایەن خۆیەوە پەیتا پەیتا لەناخی کەسەکاندا دەقی دەگرت، تاوای لێدەهات ترس لەم وێنەیە دەبووە شتێکی حاشا هەڵنەگرو ملکەچیش بۆ جێبەجێکردنی هەر فەرمایشتێك کە لە ژێر ئەم وێنانەوە دەربچن. لە هەموو ئەوانەش گەورەتر ئەو وێنە زلو زەبەلاحانە بوون کە لە شوێنە گشتیەکان دروست دەکران، یا هەڵدەواسران، یا دەنەخشێنران، ئەوکات دەسەڵاتی وێنەکە گشتگیرتر دەبوو و هەموو بینەرو جەماوەری بە یەك چاو دەبینی لەگەڵ یەك دەسەڵاتی ڕەها.